

# محازەری ٣+٤

رێکخراوی مندالْ




# ئامانجەکانی ڕێکخراوی یونسکۆ

+ یونسکۆ گرنگی بەهاتنەدی چەند ئامانجێك دەدات و کار دەکات بۆ بەدیهێنانی, ئامانجەکانیش بریتین لەمانەی خوارەوە :

1. بەکارهێنانی زانیاری و گەیاندن, لەپێناو بنیاتنانی کۆمەلگای هۆشیار .
2. زامن کردنی فێربوون و فێرکردنێکی باش و دابین کردنی بۆ هەموو تاکێك .
3. ڕووبەڕوبونەوەی هەموو ئاستەنگەکانی کۆمەلایەتی .
4. گرنگیدان و هاندان بە هەمە جۆری ڕۆشنبیری .
5. گرنگیدان بە گەشەی کۆمەلایەتی و ئابوری و باشترکردنی ئاستی گوزەران .
6. گرنگیدان بەمافەکانی مرۆڤ ودابین کردنی ئەمن و ئاسایش.

7. پاراستنی شوێنەوارە دێرینە جیهانیەکان, ئەوانەی دەستکردی مرۆڤن وەك شارەکان, یاسروشتین وەك دارستانەکان .

8. زامن کردنی ئازادی نەتەوە جیاوازەکان, لەرووی ئاینی ,نەژاد , زمان, هەروەها رێزگرتنیان.

9. جەخت کردن لەسەر مەعریفە و زیادکردنی و بلاوکردنەوەو پاراستن و پێشخستن و هاندانی بیرۆکەکان .

10. هاریکاریکردنی گەلان لەبوارەکانی زانست و رۆشنبیری و پێگەیاندنی مامۆستایان و نەهێشتنی نەخوێندەواری و دابینکردنی کەرەستەکانی خوێندن .



# ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان (KSC)
# *Kurdistan Save the Children*

+ ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان له ڕۆژی 16/9/1991، بەپێشکەشکردنی یارمەتی و هاوکاری بۆ منداڵان دەستی کردووه بەکارکردن، 27 ساڵه بێ دابڕانو بێ ماندووبوونی کارمەندو خۆبەخشو هاوکارەکانی بەردەوامه لەسەر خزمەتکردنی منداڵانی کوردستانو ئەو منداڵه ئاوارەو بێ لانانەی پێویستیان بەهاوکاری و دەستگیرۆیی هەیه.

- یەکێکە لە ڕێکخراوە نا حکوومییەکانی بواری منداڵان لە باشووری کوردستان. سەرۆکایەتی دەکرێت لەلایەن هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد.

- ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان ئامانجی دابینکردنی:
هۆیەکانی ژیان، پارێزگاری، خۆراک، چاودێریی تەندروستی و پەروەردەی بنەڕەتییە بۆگشت منداڵان بێ گوێدان بەڕەگەز، نەژاد، ئەو وڵاتەی لێوەی هاتوون و بیروڕای ئایینییان.

- گۆڤاری تایبەت بەخۆی هەیە بەناوی (گۆڤاری پەپولە)

منداڵپارێزی کوردستان
KSC KCF
Kurdistan Save the Children Children's Fund

# بەرنامەکانی ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان

- ١-بەرنامەی پاراستنی منداڵ
- ٢-بەرنامەی پەروەردە
- ٣-بەرنامەی گەشەپێدانی تواناى گەنجان
- ٤-بەرنامەی تەندروستی

# سێکتەرە گرنگەکان

- منداڵپارێزی کوردستان، لەڕێی چەندین سێکتەری خزمەتگوزارییەوە کارە خێرخوازییەکانی پێشکەش دەکات، هەریەك لەو سێکتەرانە بۆ ئامانجێکی گرنگ کراونەتەوە، کە هەموویان لەخزمەتی منداڵانو دابینکردنی داهاتوویەکی گەشو پەروەردەکردنی نەوەیەکی سەربەرزو خاوەن ئەزموونو لەشساغو تەندروستە:
- **1-سێکتەری پەروەردە:**
- منداڵپارێز بنکەیەکی فراوانی هەیەو لەڕێگەی ئەو کەرتەوە هەوڵدەدات گشت پێداویستییە پەروەردەییەکان دابین بکات بۆئەوەی پاشەڕۆژێکی چاکتر جێبەجێ بکات. هەروەها ڕێکخراوەکە پشتگیری لەو دامەزراوە پەروەردەییانە دەکات، کە تایبەتن بەمنداڵانو هەندێکیان بەڕێوە دەبات.
- سەنتەرە ڕۆشنبیریەکانی منداڵان کە بە «کازیوە» ناسراون، هەروەها سەنتەرەکانی چالاکیی گەنجان لەگشت شوێنێکی کوردستاندا هەن، منداڵان دەتوانن بەمەبەستی یاریکردنو بینینی هاوڕێکانیانو بۆ سوود وەرگرتن لەو چالاکییانەی لەو سەنتەرانەدا هەن روویان لێبکەن .

# ٢-سێکتەری پاراستنی منداڵ

+ پاراستنی منداڵ بەیەکێك لەئامانجە سەرەکییەکانی منداڵپارێزی کوردستان دادەنرێت. لەوەسفی ئەو سێکتەرەدا، منداڵپارێز دەڵێت: هەردەم بۆ سوودی منداڵان کاردەکەین و ئەوە رەچاودەکەین، کە بەرژەوەندیەکانیان بەباشترین شێوە بەدیبهێنین.لەبەشی پاراستنی منداڵدا، دوو بەرنامەی سەرەکی هەن بۆ یارمەتیدانو پشتگیریکردنی (منداڵانی سەرجادەو ئەو منداڵانەی رووبەڕووی یاسا ) دەبنەوە:
+ **أ- بەرنامەی منداڵانی سەرجادە:** ئامانجی ئەوەیە منداڵان لەشەقامەکان دووربکەونەوەو هەوڵی تەواو بدرێت بۆ گێڕانەوەیان بۆ ناو خێزانەکانیان. بۆیە رێکخراوەکە یارمەتیان دەدات لەگەڕانەوەیاندا بۆ قوتابخانە یاخود هەوڵی ئەوە دەدەن کارێکی گونجاویان بۆ بدۆزنەوە گەر لەتەمەنێکی وادابن بۆ خوێندن نەشێت.

- **ب-بەرنامەی دادوەری نەوجەوانان :** یارمەتی ئەو منداڵو هەرزەکارانە دەدات کە کێشەیان لەگەڵ یاسادا هەیەو راوێژکاری یاسایی خۆڕاییان بۆ دابین دەکاتو دواتریش لەدادگاییکردندا یارمەتییان دەدات، هەروەها لەگێڕانەوایاندا بۆ ناو کۆمەڵگە، بەتایبەتی ئەوانەیان تووشی بەندکردن بوون.

- **٣-سێکتەری گرتنەخۆ:** منداڵپارێزی کوردستان/ سندوقی منداڵانی کوردستان (KSC/KSF) لەساڵی ١٩٩١ەوە بەرنامەیەکی بەناوی (گرتنەخۆ لەدوورەوە) دەستپێکردو لەڕێگەی ئەو بەرنامەیەوە تائێستا 10 هەزار **منداڵی کوردو عیراقی گیراونەتەخۆ**، بەڵام هێشتا بەهەزاران هەن پێویستییان بەپشتگیری خەڵکە. بۆ بەشداریکردن لەو سێکتەرەدا، هەموو کەسێك دەتوانێت مانگانە لەڕێگای بڕێك پارەوە منداڵێك بگرێتەخۆو دواتریش سەرپەرشتی بکاتو نامەی بۆ بنێرێتو نامەش لەوەوە وەربگرێت. بۆ هەندێك لەو کەسانەی منداڵەکان لەخۆدەگرن، دەشێت ئەو منداڵانە ببنە بەشێکی سروشتی فراوانتری خێزانەکانیان.

- ڕێکخراوەکە یارمەتیی منداڵی بێ دایكو باوك، ئەو منداڵانەی یەکێك لە دایك یان باوکیان نەماوە، یاخود ئەوانەی باوکەکانیان تووشی کەم توانایی جەستەیی وابوون، کە توانای کارکردنیان نەماوە، دەدات. ئەو پارەیەی لە کەسە لەخۆگرەکان وەردەگیرێت بۆ پێداویستییە بنەڕەتییەکانی وەك پۆشاك، خۆراك، خاوێنی، تەندروستیو کاروباری پەروەردەییان خەرج دەکرێت.

- **٤-سێکتەری تەندروستی:**

- مێژووی پڕ مەینەتی کوردستان، کە جەنگ وێرانی کردبوو، کاری لە سەر تەندروستی دانیشتووان بەتایبەتی منداڵان هەبوو، بەمەبەستی کەمکردنەوەی هەندێك لەو کێشانەش، منداڵپارێزی کوردستان ساڵی ٢٠٠٥ کارەکانی خۆی لەبواری تەندروستیدا فراوان کردو کەرتێکی تایبەتی بۆ چارەسەرکردنی هەندێك کێشەی تەندروستی دیکە دامەزراندو سەرچاوەی دارایی زۆری بۆ تەرخانکرد.

بەرنامەی منداڵپارێزی کوردستان لەبواری تەندروستیدا پشتگیری پزیشکیو راهێنانەوە بۆ ئەو منداڵانە دابین دەکات، کە هەر جۆرە نەخۆشییەك یان هەر حاڵەتێکی کەم تواناییان هەبێت. منداڵپارێزی کوردستان سەنتەرێك بۆ راهێنانەوەی منداڵان بەڕێوەدەبات بەهاوکاری لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی  هەرێمدا. ئەو سەنتەرە تایبەتە بەو منداڵانەی کەم توانایی ژیری یان جەستەییان هەیە، هەروەها ئەوانەی نەخۆشی درێژەخایەن یا سەختیان هەیە، تائێستاش بە هە زاران منداڵ سوود مەند بووە لەو منداڵانە.

# منداڵانی پەنابەر

+ لە ڕاپۆرتی کۆمسیۆنی باڵای کاروباری پەنابەرانی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکانە کە هۆشداری دەدات لە خراپی ڕەوشی پەروەردە و خوێندنی منداڵانی پەنابەر لە جیهاندا، کۆمسیۆنەکە ڕایگەیاندووە چوار ملیۆن منداڵی پەنابەر لە سەرتاسەری جیهاندا لە خوێندن بێبەشبوون کە ئەوەش دەبێتە زیان بۆ داهاتووی خۆیان و ئەو کۆمەڵگەیەی لێی دەژین .
+ ئەوەشی خستووەتەڕوو، لە کۆی ئەو ٢٠ ملیۆن پەنابەرەی کە کۆمسیۆنی باڵای کاروباری پەنابەران هاوکارییان دەکات، نزیکەی نیوەیان منداڵن و لەو ڕێژەیەش چوار ملیۆنیان لە خوێندن بێبەشبوون.
+ کۆمسیۆنەکە دەڵێت “ژمارەی پەنابەران لە زیادبووندایە ئەمەش بە مانای ئەوە دێت ژمارەی ئەو منداڵانەی کە پێویستە بخرێنە بەر خوێندن زیاد دەکەن، بەڵام منداڵانی پەنابەر مافی خوێندنیان بۆ دەستەبەرنەکراوە.”

+ **ئیتا شیهی :** راوێژکاری باڵای پەروەردەی کۆمسیۆنە کە ڕایگەیاندووە "تەنها لە ٦١% ی منداڵانی پەنابەر لە قۆناغی سەرەتایی دەخوێنن، هەروەها لە ٢٣% ی پەنابەرانی مێردمنداڵ لە قۆناغی ناوەندی دەخوێنن کە ئەوەش دابەزینێکی بەرچاوی ڕێژەیان دەردەخات لە قۆناغی سەرەتاییەوە بۆ ناوەندی."

+ دەشڵێت "منداڵان لە جیهاندا بە ڕێژەی لە ٨٤% یان خراونەتە بەر خوێندن، ئەگەر ئەم ڕێژەیە بەراوردبکەیت بە منداڵانی پەنابەر، دەردەکەوێت منداڵانی پەنابەر پێنج هێندە ئەگەریان زیاترە لە خوێندن بێبەشبن بەراورد بە منداڵانی دیکە، ڕێژەی بێبەشبوونی پەنابەران لە خوێندن تا گەورەتردەبن زیاد دەکات، بە جۆرێک تەنها لە ١% ی پەنابەران لە زانکۆکان دەخوێنن، سەرەڕای ئەو هەوڵە زۆرەی دراوە نەتوانراوە ئەو ڕێژەیە بەراورد بە ساڵی ڕابردوو زیادبکرێت و وەکو خۆی ماوەتەوە."

هەر لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بەوە کراوە، "لە ٩٢% سەرجەم پەنابەرانی جیهان لەو وڵاتانەن کە لەڕووی پیشەسازییەوە لە گەشەسەندندان، ئەمەش کێشەی بۆ خوێندنی پەنابەران دروستکردووە، چونکە وڵاتانی هەژارنشین پارەیەکی کەمیان هەیە بۆئەوەی سیستەمێکی پەروەردەی باش بۆ منداڵانی خۆشیان دابینبکەن چ بگات بە منداڵانی پەنابەر."

- کۆمسیۆنی باڵای پەنابەرانی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان داوا لە وڵاتانی خانەخوێ دەکات منداڵانی پەنابەر لە سیستەمی خوێندنی نەتەوەیی وڵاتەکەیان جێبکەنەوە و دەڵێت تێکەڵکردنی منداڵانی پەنابەر بە منداڵانی دیکە، لەڕووی پەروەردە و خوێندنەوە دەرئەنجامێکی باشتری دەبێت.
- هاوکات کۆمسیۆنەکە داوای لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش کردووە کە هاوکاری زیاتری لایەنی پەروەردە و خوێندنی منداڵانی پەنابەران بکەن، هەروەها هەوڵ بۆ باشکردنی سیستمی خوێندن بدرێت لەو وڵاتانەی کە گەشەیان نەسەندووە .

# ڕەوشی منداڵانی پەنابەر لە عیراق

- کۆمسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ لە عێراق، لەبارەی منداڵانی پەنابەرەوە هۆشداری دەدات و داوای هاوکاری مرۆیی بە پەلەش لە ڕێکخراوەکانی جیهان دەکات.ڕۆژی پێنجشەممە ١٤-٥-٢٠١٥ ، کۆمسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ لە عێراق ڕایگەیاند" ٣٠٠ هەزار منداڵی ئاوارە لە بارودۆخێکی ناجێگیردان و پێویستییان بە هاوکاری بەپەلەی مرۆیی هەیە، هاوکات داوا لە ڕێکخراوە جیهانییەکان بەگشتی و ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی بەتایبەت دەکات، هاوکارییەکانیان بگەیێننە منداڵانی ئاوارە لە عێراق".

- فازل غەزاوی، ئەندامی کۆمسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ لە عێراق دەڵێت "زیاتر لە ٣٠٠ هەزار منداڵی ئاوارە پێویستیان بە پێداویستی هەیە لەبواری ( خواردن،خواردنەوة، جانتا و شیر) هاوکات بەشێک لەو مندڵە ئاوارانە تووشی نەخۆشی پێست بوون و دەبێ چارەسەری بەپەلەیان بۆبکرێت.

- غەزاوی ئاماژەی بەوەشکردووە، توانراوە پێداویستی بۆ بەشێک لەو منداڵانەدابین بکرێت، بەڵام ئەو پێداویستییانە وەک پێویست نین و ئێستا هەوڵدەدەین سەرجەم منداڵانی خیوەتگەکان لەو پێداویستیانە دڵخۆش بکەین.